# ڤیستیڤاڵێك(عبدالباري عطوان)تیا بەشدار بێ ، ڤیستیڤاڵی مارکسیزم نییە !!

ڕزگار عومەر
rezgar70ca@yahoo.com



بە پێ ی ڕاپۆرتێك کە لە لایەن کاك (( ئاسۆ شابان )) ئامادەکراوەو دوێنێ 2005/8/1 لە سایتی دەنگەکان بڵاوکرایەوە ، ڤیستیڤاڵێك لە ژێر ناونیشانی (( جیهانێك ببەینەوە )) بۆماوەی سێ ڕۆژ لە هۆڵەندا ، وەکو ڤیستیڤاڵێکی مارکسیستی و یەکێك لە چالاکیەکانی (ئەنتەر ناسیۆنالی سۆسیالیستی) هۆڵەندی بەڕێوە چووە .

ئەوەی راپۆرتەکە بخوێنێتەوە ، بە ئاسانی هەست بە نەغمەی سەرکەوتووی ئەو ڤیستیڤاڵە دەکا ، من بە پێچەوانەی ئەو نەغمەیە ، پێم وایە وشەی سەرکەوتن یان شکست ناتوانێ تەعبیرێکی ڕێك لەو بۆ چوونە ڕەخنە گرانەیە بکا کە من دەمەوێ دەربارەی ئەم ڤیستیڤاڵە لێ ی بدوێم ، من تەنانەت ڕەخنەکەشم لە ڕاپۆرتەکەی کاك ئاسۆ نیە ، بە پیچەوانەوە زانیاریەکانی نێو ڕاپۆرتەکەی ئەو یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەی من لە زۆر لایەنی ڕەخنەکەی خۆم دڵنیا بم ، ئیشکال و گرفتی ئەم جۆرە لە چالاکیانە گرفتەکەی لە مارکسی بوون یان مارکسی نەبوونی دیدگای پەنای ئەم چالاکیانە دایە .

ئەنتی ئیمپریالیزم ، جەوهەری پێکهاتەی دیدگای بەشێکی بەرچاوی گەورەی چەپی جیهانیە ، ئەم جۆرە لە چەپ گەورەترین بوژانەوەو ئیستیفادەی لە بزوتنەوەی ئەنتی شەڕ کرد لە پێش ڕوودانی شەڕلە ساڵی 2003 دا ، ئەنتی ئیمپریالیزمەکەش باوەشی بۆ کۆکتێلێکی هەمە ڕەنگ کردۆتەوە ، کە لەم کۆکتێلە جێگای حەماس و مقاوەمەی عێراقی و شۆفینیزمی عەرەب و چەپی ئەمریکای لاتین و ترۆتسکیەکان تاد هەمووی جێگای دەبێتەوە ، ئەنتی ئیمپریالیزم بووە بە چەتری بێ دەنگی و سازش لە گەڵ مۆدیلی دیکتاتۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، دەرکردنی سوپای ئەمریکا لە عێراق بووە بە چاوپۆشیەکی بێ وێنە لە تیرۆریزمی ئیسلامی و لە زەرقاویەکانی عێراق ، ئاسۆی هاوبەشی ئەم جۆرە لە چەپ ،کە وەکو میراتگر دەیەوێ مۆنۆپۆلی ناوی مارکسیزم بکا ، بریتیە لە دیفاعێکی بێ مەرج لە دەسەڵاتە لۆکەڵیەکان ، بە چاوپۆشین لەوەی ئەم دەسەلاتانە نوێنەرایەتی کام سیستەمی داخراوی خوێناوی دەکەن ، ئەم چەپە میکانیزمێکی دروست کردووە بۆ ڕاو کردنی ئەو ناوە نیمچە مەشهورانەی کە بە عەمەلی و لە بەر هەر بەرژوەندێکی سیاسی یا ئایدەلۆژی بە هەمان میسۆدی ئەنتی ئەمریکایی لە مەیدانەکاندا دەخوێنن ، عەتوانیش لە ڕێگەی سەرنووسەری کردنی ڕۆژنامەی ( القدس العربی ) وەکو ئاژیتاتۆر و میدیایەکی عەیار 24 فاشی لە ژێر چەتری ئەنتی ئەمریکا بووندا گەورەترین خزمەتی بە پاشماوەی ڕژێمە نیوە فاشی – نیوە ئیسلامیەکانی ناوچەکە کردووە ، خزمەتی بە بکوژانی چەند نەوەیەك لە مارکسیستەکانی ناوچەکە کردووە ، بەلام ئەم

جۆره لە چەپ و چ لە ئەوروپا چ لە ئەمریکای لاتیندا چ لە باکوری ئەمریکادا ، کە عەتوان داوەت دەکا هیچ ئاراستەو ئاسۆی سیاسی ئەو کەسانەی لەلا گرنگ نیە کە هەڵیان دەبژێرێ ، لەلای ئەو گرنگ ئەوەیە کابرا ئەنتی ئەمریکایە ! ئەم جۆرە لە چەپ دیلی دەستی نەخۆشیەکی سیاسی کوشندەیە ، ئەو نەخۆشیە وای لێ کردووە نابینا بێ بەرامبەر بە فاشیستێکی وەکو عەتوان ، کە ئێستاش بە سەدام حوسێن دەڵێ پاڵەوان ، ئەو نەیدەویست رژێمی بەعس لە عێراق بڕوخێ و سوپای عێراق هەڵوەشێتەوە ، چونکە بە ڕای ئەوە عێراق لە بارەی توانەکانی شەڕ تەوازونێکی ئیسلامی پێك دێنا لە بەرامبەر ئیسرائیلدا ، ئەو پێ وایە مقاوەمەی عێراقی شەرعی و شەریفە و تەڤینەوەکانی لەندەنیش ئەنجامێکی تەبیعی داگیر کردنی عێراقە ، هەموو ئەو چالاکیانە ڕوو لە سەرانەی عەتوان نابێتە ئەوەی ئەم چەپە هەڵوێستێك بکا لە بەرامبەر هەڵبژاردنی کەسایەتیەکی لەو بابەتە ، ئەم چەپە لە لای گرنگ نیە یەکەم ڕاگەیاندنی (ئیعلانی جیهاد ) ی قاعیدە دژ بەئەمریکاوغەرب لە ئاستی جیهانیدا ، عەتوان لە ڕۆژنامەکەی خۆی (القدس العربی ) لە 1998/02/23 بۆی بلاوکردنەوە .

نابینا بوونی ئەم چەپە ، پشتێنەیەکی تیۆری گەورەی هەیە ، کە مونەزیرەکانی دیفاع نامەی تیۆری بۆ دادەتاشن ، کە ڕەنگە بەرچاوترینیان ( تاریق عەلی ) بێ ، ئەم مونەزیرانە پێش ڕوودانی شەڕو دوای ڕوودانی شەڕیش تا ئەمڕوش دەوری ڕاستەوخۆیان هەیە لە شکل پێدانی ئاسۆی بزوتنەوەی ئەنتی شەڕ و بزوتنەوەی ئەنتی ئەمریکایی ، من نزیکەی دوو ساڵ لە مەوبەر ، لە ووتارێکدا بە ناونیشانی ((بزوتنەوەی ئەنتی شەڕو بازنە داخراوەکان )) کە لەلاپەرە 3 ژمارە 1 بلاوکراوەی( ئازادی ) لە مانگی ئۆکتۆبەری 2003 بلاو بۆوە ،ڕەخنەم لەو دیدگایە و لە میکانیزمەکانی کارکردنی گرتووە ، من سەبارەت بە هۆیەکانی شکستی بزوتنەوەی ئەنتی شەڕ ، لەو ووتارەدا ڕەخنەکانی خۆم بەم شێوەیە خستبووە ڕوو :-

(( لە 24 سێپتێمبەری ڕابردوو ، کانونی هەواڵ و ڕاگەیاندنەکانی بزوتنەوەی ئەنتی شەڕ: palsolidarity@yahoo.com بە ئیمێڵێك دەست پێ کردنی دەورەیەکی تر لە چالاکیەکانی ڕاگەیاندەوە ، هەر لەم ئیمێڵەش ڕۆژی 28 سێپتێمبەری دیاری کردبوو کە لە یەك کاتدا لە 34 وولاتدا خۆپیشاندان ساز دەکرێ ، هەروەکوو چاوەڕوان دەکرا ژمارەی بەشداربووان لەم خۆپیشاندانانە بە ڕێژەی 80% کەمی کردبوو ، بۆ نموونە لە شاری ڤانکوڤەری کەنەدا نزیکەی 1000 کەس ئامادەی ببوو ، لە کاتێکدا هەر لەم شارە لە خۆپیشاندانی هەر ئەم بزوتنەوەیە لە ڕۆژی2003/2/15 نزیکەی 30 هەزار کەس ئامادەی ببوو ! بێ گومان ئەم گۆڕانە گەورەیە تەنیا لە 6 مانگدا بۆ من جێگای سەرنجەو لێرەدا دەچمە سەر ئەو هۆیانەی کە من پێم وایە دەوری هەیە لەم گۆڕانە :

ڕەنگە بۆ زاڵ بوونی دیدگای پۆپۆلیستی بە سەر ڕابەرایەتی ئەم بزوتنەوەیە . ڕاستیەکەی بە حوکمی حەماس و دڵسۆزی بەشداربووانی ئەم خۆپیشاندانانە لە سەرتاسەری جیهاندا لە پێش دەست پێ کردنی شەڕ ، هەروەها بە حوکمی زەرورەتی دەست بە جێ ی هەوڵ دان بۆ بەرگەگرتن بەڕوودانی شەڕ گوێگرت بە زەحمەت دەست دەکەوت کە ئامادە بێ گوێ لە ڕەخنەی لەم چەشنانە بگرێ ، دەست پێ کردنی خۆپیشاندان

بە خوێندنەوەی ئینجیل و قورئان و دانانی پیاوانی ئاینی لە پێشەوەی خیتابەکاندا ڕەنگدانەوەی یەك لۆژیکی پۆپۆلیستی بوو کە بە خاتری جەماوەری بوون ئامادەبوو دەست بخاتە دەستی ئەهریمەن و هەر قەزەمێکی تری داتاشراو لە سێبەری خومەینی ، دەکرێ بزوتنەوەی جیا جیا لە دەورەیەکی مێژوویدا لە ئامانجێکی دیاری کراودا یەك بگرنەوە ، بەڵام ناکرێ بۆ پێش گرتن بە شەڕ تەنیا ئەنتی لایەنێکیان بی بۆ ڕاکێشانی جەماوەرێکی دیاری کراو کە بە هۆی ئایدەلۆژی یا دینی یا ناسیونالیستی نزیکی لە گەڵ لایەنەکەی تردا هەیە ، من ئەو ڕەخنەم نەدەنوسی ئەگەر ڕابەرانی ئەم بزوتنەوەیە خۆیان بە مارکسیست و چەپ نەزانیبوا ، هەڵوێستی دروست و مارکسییستی دژ بە شەڕ لە هەڵوێستی لینین زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێ لە بەرامبەر شەڕی جیهانی یەکەمدا کاتێ داوای لە کرێکارانی وڵاتە جیا جیاکان کرد کە بەشداری شەڕ نەکەن و لولەی تفەنگەکان ڕوو لە یەکتر نەکەن بەڵکوو لولەی تفنگەکان ڕوبەڕووی بۆرژوازی وڵاتەکەی خۆیان بکەن ، ئەم هەڵوێستە بەراورد بکە لە گەل هەڵوێستی (تاریق عەلی ) کە یەکێکە لە مونەزیرانی فیکری و سیاسی خۆ بە چەپ زان هەروەها یەکێکە لە ڕابەرانی بزوتنەوەی ئەنتی شەڕ کاتێ لە سمینارێکی خۆیدا لە ڕۆژی 2003/4/8 لە شاری ڤانکوڤەر سەبارەت بەم شەڕە هەڵوێستی پۆپۆلیستی گەیاندە لووتکە ، ئەو کاتەی ئەو سمینارەکەی پێشکەش کرد سوپای عێراق بەرگری دەکرد لە بەسرە ، تاریق عەلی ووتی : ((من شانازی بە سوپای عێراق دەکەم کەوا بەرەنگاری دەکەن )) جا ئەگەر بەیانی شەڕی تر ڕوویدا بۆ نموونە ئێران یان سعودیە هەڵوێستی تاریق عەلی چی دەبێ ؟؟ شانازی بە سوپای پاسداری ئێران و پۆلیسی ئەخلاقی سعودیە دەکا کەوا بەرگری دەکەن !! من لە باوەڕەم تا ئەم دیدگایە ڕابەرایەتی ئەم بزوتنەوە بکا ئەم بزوتنەوەیە نابێتە خاوەنی دەسکەوتی عەمەلی و لەیەك بازنەدا خول دەخواتەوە .

دانانی ئامانجی بەربڵاو . دەرك کردن بە واقیع پێش مەرجێکی زۆر سادەی سیاسەت کردنە ، بەڵام بزوتنەوەی ئەنتی شەڕ بۆ ئەوەی بتوانێ لەم دەورەیەدا سەر بەرزکاتەوە هاتووە دروشمێکی بەرزکردۆتەوە کە لە باری عەمەلیەوە مومکین نییە بۆ توانایەکانی خۆی بە تاییەتی بە لە بەرچاو گرتنی ئەو ئامارانەی کەمن لە پێشەکی ئەم نوسینەمدا ئاماژەم پێ کرد ، دروشمی چوونە دەرەوەی هەر ئێستای هێزە داگیرکەرەکان لە ( ئەفغانستان و عێراق و فەلستین ) بێجگە لەوەی تێکەڵ کردنی کەیسی جیاوازە لە هەمان کاتیشدا نەبینینی گۆڕانەکانی عەمەلی هەر ئێستای هەر یەك لەم کەیسانەیە ، داوا کردنی دەرچوونی هێزە داگیرکەرەکان لە ئەفغانستان بەبێ نا بۆ گەڕانەوەی حکومەتی تالیبان بە عەمەلی یانی بەڵێ بۆ تالیبان ، داواکردنی دەرچوونی ئەمریکاو هێزەکانی تر لە عێراق بە بێ ووتنی نا بۆ موقتەدا سەدرو هێزە کۆنەپەرستەکانی تر بە عەمەلی یانی خزمەتێکی خێراتر بۆ پرۆسەی بە لوبنان کردنی عێراق ، رابەرایەتی بزوتنەوەی شەڕ ئەگەر بیەوێ ئاراستەی ئەم بزوتنەوەیە تەنیاو تەنیا بە حەماسێکی ئەنتی ئەمریکایی چڕ بکاتەوە ئەوە دەبێ چیتر بیر لەوە نەکاتەوە کە ژمارەی بەشداربوون ڕوو لە زیادبوون بێ .

ئەم بزوتنەوەیە بە هەڵبژاردنی هەڵوێستی مارکسیستی دەتوانێ هێزە سکولارو چەپەکانی جیهان لە خۆی کۆکاتەوە ، بە هەڵبژاردنی ئەم هەڵوێستە دەتوانێ ببێتە هێزێکی هاوپشتی گەورە بۆ دەوربینین لە عێراق

و له ئەفغانستان و سەپۆرت كردنی جەبهەی عیلمانیەت لەم وولآتانەو دەتوانیٚ ببیٚتە فاكتەریٚكی گەورەی ئەنتی سەرمایەداری نەك بزوتنەویەكی تەنیاوتەنیا ئەنتی ئەمریكایی .))
بە چاو خشانیٚكی خیٚرا بە چالاكیەكانی ئەم ڤیستیڤاڵەش ، بیٚجگە لە ئەنتی ئەمریكایی بوون و زوڵمە ڕاسیستەكانی كە تووشی پەناهەندەكان دەبیٚتەوە ، بۆ دەرمان قسە لە سەر ڕژیٚمە سیاسیەكان و فاشیستە لۆكەڵەكان و هیٚزە تیرۆریستەكان نیە ، عەتوان لەو ڤیستیڤاڵە سمیناریٚكی پیٚشكەش كردووە لە سەر ڕۆلی ئەلجەزیرەو CNN ، لە كاتیٚكدا كە خۆی چەندین جار لە مینبەری جەزیرەوە ئاگر و بیانووەكانی شەڕی خوش كردووە ، ئەو كە لیستی كوپۆنەكان و بەرتیلەكانی ڕژیٚمی ڕوخاوی بەعس بۆ فرۆشتنی نەوت ئاشكرابوو ناوی عەتوان و ناوی بەریٚوەبەری پیٚشووی ئەلجەزیرە زۆر لە یەك نزیك ڕیز كرابوو ، ڤیستیڤاڵیك ناتوانیٚ ناو لە خۆی بنیٚ ماركسی ئەگەر كەسانی وەكو عەتوان ئاراستەی بكەن ، ڤیستیڤاڵیٚكی "ئەنتی ئەمریكایی " لەو بابەتە تەنیا دەتوانیٚ دڵی چەپیٚكی بیٚ خەبەری وەكو چەپی (ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی ) هوڵەندی خۆش بكا .

**سەرچاوەكان**

1- ڤیستیڤاڵی ماركسیزمی 2005 لە هۆلندا ، نووسینی ئاسۆ شابان .
2- ان تكون مسلما في لندن . عبدلباري عطوان . www.paltoday.com
3- صدام حسين يحاكم قضاته .عبدالباري عطوان.
http://www.nizarkabbani.com/MAQALT-TEMP-N/0507-atwan-saddam.htm
4- بزوتنەوەی ئەنتی شەڕو بازنە داخراوەكان ڕزگار عومەر.ئازادی ژ/1/ئۆكتۆبەری 2003 زلە بلآوكراوەكانی بزوتنەوەی بنیاتنانی حزبی كریٚكارانی كۆمونیست .